www.kurdistannet.org
20-2-2007 21:48 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەمای ترانتۆرا و رزگاربوون لە ژەهری گەندەڵی* ... حیكمەت مەعروف

hmks7@yahoo. com



كەس نەما شتێك لەسەر گەندەڵی نەنووسێ یان قسەیەكی لەسەر نەكات، رۆژنامە و ماڵپەڕی كوردی نەما چەندین لاپەڕەی بۆ ئەم كێشەیە رەش نەكردبێتەوە. كەمێكی تری پێ بچووبایە بەرنامەی منالآنی تەلەفیزیۆنەكان و گۆرانی داواكراوی رادیۆكانیش بۆ ئەم كێشەیە تەرخان دەكرا، بەڵام راپۆرتەكەی (بیكەر – هاملتۆن) وەك میوانێكی رەزاقورس خۆی بە ژوورا كرد و گەندەڵی لە بیر هەموومان بردەوە. (بیكەر – هاملتۆن)، نووسەران و رۆژنامە و ماڵپەڕ و تەلەفیزیۆنەكانی بە خۆیەوە خەریك كرد. گەندەڵی (هین فرستەتیش) ! ئەم هەلەی قۆزتەوە و گەشەیەكی باشی بە فایرۆسە كوشندەكانی خۆی دا. بێ ئەوەی وەك پێشوو لەسەری بنووسرێ یان چارەسەرێكی بۆ دۆزرابێتەوە، گەندەڵی هەر لە بڕەودایە و چۆتە گشت خانەكانی جەستەی كۆمەڵگەوە و تەواو ژهراوی كردووە، هاكا هەرەسی بە جەستەی كۆمەڵگەی كوردی هێنا.

لەم شەوانەدا مەولیدە حەیاتەكەم خستەكار و ماڵم پڕ كرد لە رووناكییەكی لەرزۆك و كورت خایەن، سەتەلایەتم لەسەر یەكێك لە كەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەكان دانا. پرۆگرامێكی سەرنجڕاكێش بوو لەسەر شێوەی ژیانی (جاڵجاڵۆكە)، باسی لە ژیان و چۆنێتی زیاد بوونی ئەم دەعبا چەند پێیەی دەكرد. باسی ئەوەی دەكرد، چۆن نێرینە هەش بەسەرەكانیان بۆ یەكجار جووت بوون سەری خۆیان بە قوڕی رەشدا دەكەن و لە دوای یەك چركە لە جووت بوون دەبنە خۆراكی مێینەی زۆردار و زەبەلاحی سادیی! یەك لە جۆرەكانی ئەو زیندەوەرە كە لە وڵاتانی ئەوروپادا بڵاوە و پێیدەڵێن (گورگی سپی)، گەلێك سەرنجی راكێشام. چەند سەدەیەك پێش ئێستا لە ئەوروپا وا بڵاوبووە كە هەر كەسێك ئەم جۆرە لە (جاڵجاڵۆكەی گورگی سپی) بیگەزێ، دەبێت تا ئەوپەڕی هیلاكی و شەكەت بوون بكەوێتە سەما و هەڵبەزودابەز. ئەوەندە خۆی ماندوو بكات، تا عارەقێكی زۆر دەكاتەوە و بەهۆی ئەم شەكەت بوون و عارەق كردنەوەیەوە ژەهری ئەم زیندەوەرە لە رێگەی عارەقەكەیەوە لە گیانی بێتەدەرێ، و لە مردنێكی حەتمی خۆی قوتار بكات! شتێكی سەیر بوو، سەماكردن ژیان بداتەوە بە كەسێكی ژەهراوی بوو! سەماكردن لە لێواری مەرگەوە بتهێنێتەوە نێو بازنەی ژین! لە كۆتاییدا وای لێهات ئەم جۆرە لە جووڵە و سەماكردنە بۆ خۆقوتاركردن لە ژەهری ئەو زیندەوەرە، بووە جۆرێك لە سەما و تا ئێستاش خەڵكانێك ئەم جۆرە سەمایە دەكەن و ناویشی نراوە سەمای (ترانتۆرا) . بێ سێ و دوو، ئەم باسە بردمییەوە بۆ ئەو ژەهری گەندەڵییەی كە بە یارووێخی جەستەی كۆمەڵگەی كوردی و دەسەڵاتە سیاسییەكەیدا چۆتە خوارێ. وەك لە پێشەوە نووسیم هەرچیمان هەبوو لەسەر گەندەڵی نووسرا و وترا، گەیشتە ئاستی ئەوەی سەرۆكەكان و حكومەت و وەزیرەكانیش خۆیان بەبێ پەردە باس لەم كێشەیە بكەن و داوای بنەبڕكردنی بكەن، كەچی هێشتا ئەم ژەهری گەندەڵییە لە جەستەی كۆمەڵگە و حكومەت و حیزبەكانماندا بە بڕێكی كوشندە ماوە و گەر فریا نەكەوین لەناوچوونێكی حەتمی وەك نێچیرەكانی (گورگی سپی) كە سەمای ترانتۆرا ناكەن، چاوەڕێمانە.

جا بۆ قوتاربوونمان لەم ژەهری گەندەڵییە، پێویستە هەموومان (هەموو كۆمەڵگەی كوردی) بە زووترین كات رۆژێك بۆ ئەم جۆرە سەماكردنە دیاری بكەین و هەر یەكەمان لە لای خۆیەوە یان بە كۆمەڵ لەناوجەرگەی شارەكاندا بكەوێتە سەمای ترانتۆرا، بەڵكو ئەمە خوایە، ئەم كۆمەڵگەیە

---

* ) **ئەم بابەتە لە رۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە** ( 56 ) **ی** 13 / 2 / 2007 **لە لاپەرە** ( 13 ) **بڵاوكراوەتەوە.**

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

(حکومەت، حیزبەکان، رێکخراوەکان، دەزگاکان، زانکۆکان، بەڕێوەبەرەکان، کارمەندەکان و هەموو تاکەکانی کورد)، وەك چۆن نێچیرەکانی (جاڵجاڵۆکەی گورگی سپی) پێش چەندین سەدە بە (سەمای ترانتۆرا) دەرباز بوون، ئاوا ئێمەی کوردیش لە ژەهری کوشندە و داڕزێنەری گەندەڵی دەرباز ببین. بە بڕوای من ئەمە بۆ ئێمەی کورد کارێکی ئاسانە و هیچ بەرنامە و خۆ ئامادە کردنێکی پێویست نییە و زەروریش نییە بودجەی بۆ دیاری بکرێ! ئەوەندەی پێویستە دەزگایەك یان هەر کەسێکی تر بانگەشەی هەڵپەڕکێیەکی (سێ پێی) کوردی لە شوێنێك بکات، من دڵنیام رێگە بەرناکەوێت ئەوەندە قەرەباڵغ دەبێت! ئەی ئەوە نییە ئێمەی کورد وامان لێهاتووە بەهەق و ناهەق هەر هەڵدەپەڕین! بەڵام ئەو رۆژە پێویستە تا شەکەت بوون و لە پەلوپۆ کەوتن دەست بەرنەدەین و بە ئامانجی دەرپەڕاندنی ژەهری گەندەڵی تووند شانەکانمان هەڵتەکێنین و پێیەکانمان بە گشت هێزمان بە زەویدا بدەین. ئێ خۆ ئێمە بەهۆ و بێ هۆ، هەر هەڵدەپەڕین، با جارێکیش بۆ گەندەڵی بێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.